The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com




# خۆپیشاندان بەردەوامە دژ بە هەڕەشەکانی تورکیا

بەبەشداری کۆمەڵیک پارت و ڕێخراوی کوردستانی ڕۆژی 2007/11/10 کات 13:00 لە شاری ستۆکهۆلم خۆپیشاندان لە بەردەم NORRA BANTORGET دەستی پێ کردو کات ، 13،45 خۆپیشاندەران (بە دروشم و وێنەی هەمەرەنگ ، تاوانەکانی سوپای تورکیا ، ئالای کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان ) بەنێو شەقامەکانی سەنتەری ستۆکهۆلم بە پانتایەکی بەرفراوان دروشمی هەمە جۆریان دژ بەتاوانەکانی داگیرکەری تورکیا دەوتەوە ، دەبێت ئەوەش بڵێین سەرباری ئەوەی ئاو هەوا لەم ڕۆژدا یەکجار ساردبوو بەلام لە گەرمەی دەستپیکردن و دروشمدان بە شەقامەکانی نێو ستۆکهۆلم نزیک بە 600 خۆپیشاندەر دەبوو ، شایەنی باسە ناوەندی چاک /سوێد یەکێک لەلایەنەکانی کۆمیتەی ئامادەکاری خۆپیشاندان بوو، قادر نادر ئەندامی چاک بۆ خۆپیشاندەران وتارێکی خویندەوە کە ئاماژەی بەوە کرد 85 سال دەبێت کەمالیستەکان هەولی لەناوبردنی گەلەکەمان دەدەن و دەیان تاوان و کۆمەلکوژی وەک دۆلی زیلا ن و دەرسیمیان ئەنجامم داوە کە چی ئەوەتا گەریلا لە چیا و شارو شارۆچکەکان بەردەوامە لە خەبات ، لەهەندەران کوردان ڕۆژانە ئاوا خۆپیشاندان دەکەن و لەنێو نیشتمانیش ڕۆژانە نارەزایەتی بەردەوامە ، وە هەر لەوتەکانیدا پرۆتستۆی ئابلۆقەی ئابوری و ڕاگەیاندنی کرد کە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە خراوەتە سەر قەندیلەوە لەکۆتایشدا هیوا خواز بوو کە دەسەلاتدارانی کوردستان نەچنە پای داخوازیەکانی کەمالیستەکانی تورکیا و کە هەول دەدەن شەری کورد بەکورد بکەن ، چونکە ئەم هەنگاوە مەترسیدارە و لەڕۆژگاری ئێمرۆدا نارەزایەتی بەرفراوانی لێدە کەوێتەوە کە ناوەندی چاک ئامادەیە لەم بوارەدا خۆپیشاندان دژ بە هەر لایەنێک ئەنجام بدات کە هاریکاری سوپای تورکیا بکات.

ناوەندی چاک /سوید

20071113

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

